# کوردستانی قەفقاس یا کوردستانی پێنجەم و شەشەم

عەباس سلێمان سمایل

کوردستانی قەفقاس، کۆماری ئەمڕۆی ئەرمەنستان و خاکی قەرەباخ و خاکی ئیلزابت پول (کوردستانی سۆرو ئوستانی گەنجە) و ئوستانی نەخچەوان دەگرێتەوە، لە کۆنەوەش بەهەموو خاکی کۆماری ئازربایجان و کۆماری ئەرمینیا دەگوترا ئاران و دانیشتوانەکەشی لە کوردو گەلانی دیکەی ئێرانی بووە، پاشان بەشی ڕۆژئاوای ئێران بەئەرمینیای گچکە ناسرا، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ئاران گۆڕدرا بۆ ئازربایجانی سۆڤیەت، قەرەباخ-یش کە دانیشتوانەکەی ئەرمەنی زیاتر بوو لەکورد کەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای ئازربایجان و کوردستانی سۆر یا کوردستانی بندەستی سۆڤیەت-یش کەوتۆتە



نێوان قەرەباخ و کۆماری ئەرمەنستان. جا ناوی کۆماری ئازربایجان ئەمڕۆ دوای فەتح کردن تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەم ناوانە ناوی هاتووە: ئاران ئالبان، ئەلران، ئاغوان..

ئیتر ئاران و ئەرمینیا کە لەسەردەمی مادەکانەوە بەشێك بووە لە خاکی میدیاو بەدرێژایی مێژوو زۆربەی دانیشتوانی کوردبووە.

حوسێن حوزنی موکریانی دەڵێت: دوای ئەوەی دەوڵەتی (ماد) نامێنێ و ئەسکەندەری مەکدۆنیش کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەخمینیەکان دێنێت، ئەسکەندەر یەکێك بەناوی ئاترۆپات دەکاتە حاکمی ئاران و ئازربایجان، دوورنیە ئاترۆپات میدی بێ و دانیشتوانی ئەم ناوچانەش میدی بن و ئەسکەندەر دژی فارسی ئەخمینی ئاترۆپاتی میدی کردبێتە حاکمی ئەم ناوچانە.

کاتێکیش سوپای ئیسلام ئاران فەتح دەکات و لەچاخەکانی (٨-٩-١٠-١١) مێژوونووسەکان وەك: مەقدەسی و کوڕی حوقەل ئاماژەیان بەهەبوونی ژمارەیەکی زۆری کورد کردووە لەئاران و ناوی یەك لە هۆزی کوردی (ئاران)یان

بەناوی باخسجان (باخاس جان) هێناوە.

مەقدەسی دەڵێت: لەدەوروبەری ساڵی (٣٧٥ك) لە ئاران و ئەرمینیا کورد جێوارن، بەلاّم کوردی (دوین)ی ئەرمینیا زۆربەیان مەسیحینە، لەساڵی (٩٣٨ز)یش ئەخچەوان بەشێك بووە لە حکومەتی هەزبانی ئەم ناوچانەش دوای فەتحی ئیسلامی تورکی بۆهاتووە، تا چەند سەدەیەکیش تورك رۆڵی نەبووە لەم شوێنانە محەمەد جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت: دوای (٣٠٠) ساڵ کۆچی تورك بۆ ئەم ناوچانە، ناوە جوگرافییەکان تورکی نەبوون.

خاتوو ئاریستۆڤا دەڵێت: لەسەدەی یانزە ناوچەیەکی فراوان لەئیلیزابت پول یا گەنجە تا ئانی لەژێر فەرمانڕەوایی شەدادیەکان دابووە، سەلجوقیەکانیش دوای ئەوەی لەکۆتایی سەدەی دەیەم دەبن بەئیسلام بەم بیانووەوە خزین بۆ ئێران و کوردستان و ئەنەدۆڵ بەهۆی ئەوەی عەباسیەکانیش نێوانیان خۆش بووە لەگەڵ تورکەکان بۆیە ڕێگایان خۆش دەبێت بۆ لەناوبردن و روخانی دەوڵەتی دۆستەکی و شەدادیەکان بەجۆرێك لەساڵی (١٠٨٦)ز ناوچەیەکی فراوانیان لە کوردستان و ئەنەدۆڵ کەوتە ژێردەست.

حکومەتی (شەدادی)یش کە لەساڵانی نێوان (٩٥١-١٠٧٦ز) بەهێزترین حکومەتی کوردی بوو بەسەرۆکایەتی محەمەد کوڕی شەدادی کارتو لەناوچەکانی گەنجەو ئانی و نەخچەوان دروست بوو، دوای نەمانی حکومەتی شەدادی لەم ناوچانە، جارێکی دیکە بۆماوەی ٩ نۆ ساڵ واتە لەساڵی (١١٦٥-١١٧٤ز) حکومەتی شەدادی لەئانی دروست بووەوە.

لەرۆژنامەی میدیا گونەشی ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٩٣دا هاتووە کە ٢٦ هۆزی کورد لەچاخەکانی ناوەند لەلاچین و قەرەباخ جێواربووینە، هەروەها شەرەفخانی بەدلیسی لەشەرەف نامەکەیدا دەڵێت: لەچاخی (١٣)دا (٢٤) هۆزی کورد لەقەرەباخ و لاچین دەژیان بەلاّم شاعەباسی سەفەوی ئەوانی بۆ خوراسان گواستەوە، چونکە کورد چەکداری مێرخاس بوون، تاپارێزگاری ئێرانیان پێ بکات و بیانکاتە خاکرێزێك و هێرشی دوشمنانیان پێ بشکێنێت.

نووسەرێکی ئیتاڵی لەساڵی ١٥٤٢ز هاتۆتە کوردستان و دەڵێت: دانیشتوانی ئەرمینیای گەورەو گچکە زۆربەیان کوردن، میللەتێکی چیایی و جەنگاوەرن ئەوانەی لەئەرمینیای گەورە دەژین زۆربەیان لەژێر دەسەلاّتی تورکەکانن، بەشێکیش لەژێر دەسەلاّتی فارسەکانن، بەلاّم ئەوانەی لەئەرمینیای گچکەدا دەژین سەربەخۆن.

کاتێکیش لەشکری رووس گورجستانی گرت (شیشیاتۆڤی) سەرلەشکر لە (٢٤)ی تەمموزی ساڵی (١٨٠٤)دا نامەیەکی بۆ حوسێن ئاغای سەرۆکی کوردی کۆچەری یەریڤان نارد، کە سوارەکانیان خستبووە ژێر فەرماندەی لەشکری ئێرانەوە، سەرلەشکری رووس داوا لەحوسێن ئاغا دەکات کە لایەنگیری رووس بکات، رووس-یش هەموو مافەکانی دەپارێزێت و هەربەسەرۆك هۆز دەیهێڵێتەوە، هەروەها (موریس دوکوتر)یش دەڵێت کاتێك چووینە یەریڤان حەسەن خان کە حوکمڕانی یەریڤان بووە بە (٤٠٠) چوارسەد سوارەوە کە زۆربەی کوردبوون بەپێشوازیمانەوە هات.

(دوورنییە حوسێن ئاغاو حەسەن خان هەریەك كەس بووبن).

تەنانەت لەساڵی (١٨٧٦)دا لەشكری كورد لەگرتنی ئەلیكساندرا پول و قارس و ئەردەهان دا یارمەتی روسیان داوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە ئەوكاتی كورد لەئەرمینیاو ئاران جێواربووە.

هەروەها لەجەنگی قەرِم-ی ساڵی (١٨٥٣-١٨٥٦)یشدا، دوو تیپی سوارەی كوردی قارس و یەریڤان بەشداربوون و لەماوەی جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٨٨)ی تورك و رووس-یش دا هەزار كورد بەشداربوون. كەواتە تاسەدەی (١١) زۆربەی دانیشتوانی كوردستانی قەفقاس كوردی ئیسلام بووینەو تەنها هەندێك لە كوردانی نەبێت مەسیحی بووینە بەڵام دوای نەمانی حكومەتی شەدادی تورك و ئەرمەن خزیوونەتە سەر ئەم خاكەو دوای ساڵانی (١٨٢٦)و داگیركرانی ئەم بەشەی كوردستان لەلایەن قەیسەری رووسەوە بەرەبەرە كوردی ئیسلام ئەم ناوچانە جێ دێڵن و بەرەو خاكی كوردستانی بن دەستی عوسمانی و خاكی ئازەریان كۆچ دەكەن و شوێنیان بەگەلی ئەرمەن پڕدەبێتەوە، هەروەها ئێزدیش بەهۆی چەوسانەوەیان لە كوردستانی باكور بەرەو ئەرمینیا رەودەكەن، ئیتر بەردەوام كوردی ئیسلام لەئەرمینیا رەودەكات و شوێنیان بەئەرمەن و كوردی ئێزدی پڕدەبێتەوە بەجۆرێك لەشەڕی ئازەری و ئەرمەنی بەم دوایەش دەوروبەری (٣,٠٠٠) هەزار كوردی ئیسلام لەئەرمینیاوە چوونەتە كۆماری ئازربایجان.

بەڵام كورد لەهەموو شوێنێكی خاكی ئازربایجانی سۆڤیەت بڵاوببووەوەو قەیسەری روسیش لە كۆچ كردنی كوردی موسلمان لەئەرمینیا و ئێران بۆ ئەوێ بێ دەنگ بوو بۆ ئەوەی لەداهاتوو سوودیان لێ ببینێت لەهەر شەڕێكی كەڕووبدات لەنێوان رووس و ئێران یا رووس و عوسمانی ئیتر تا كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەم زۆر ناوچە لەقەفقاس، كوردنشین بووەو حكومەتی رووس-یش دانی بەمە داناوە، دێرك كنانی دەڵێت: سۆڤیەت لەئازاری ساڵی (١٩١٨) پەیمانی (برێست لیۆڤسك)ی لەگەڵ عوسمانیەكان بەستووە، ئەو پەیمانە كۆتایی بەشەڕی نێوان هەردوولا هێناو بەپێی ئەو پەیمانە سۆڤیەت پارچەیەكی گچكەی لەكوردستان پێ بڕا. بەڵام هەردووبەشی ئازربایجان و ئەرمینیا، دوای ساڵی ١٩١٧ تا ساڵی ١٩٢٠ دەستی حكومەتی سۆڤیەتی نوێی نەگەیشتێ و لەئازربایجان حزبی (مساوات)ی تورك فەرمانی دەگێڕاو لەئەرمینیاش حزبی داشناق فەرمانی دەگێڕا، بۆیە لەم ماوەیە كوردێكی زۆر لە ئازربایجان و ئەرمینیا بەهۆی چەوسانەوەیان رەڤین و چوونە وڵاتی توركیا و ئێران و دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٢٠ سۆڤیەت هەردوو هەرێمی كۆنترۆل كرد، ئەم كوردانە گەڕانەوە ناوچەكانیان.

## مێژووی هەبوونی كورد لەرووسیا

كورد لەرووسیای قەیسەری تا شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە (٥) پێنج هەرێمان جێواربوون كە ئەمانەن: ئەرمینیا، ئازربایجان، گورجستان، كازاخستان و توركستان، هەرچەندە بەشێك لەكوردی قارس و ئەردەهان و گومری (لینینكان) لەسەردەمی قەیسەر گواسترابوونەوە بۆ سێبیریا و ژمارەیان كەم

بووە، بەلاّم لەسەردەمی ستالین بەشێك لەكوردی ئازربایجان و ئەرمینیاو گورجستان گواسترانەوە بۆ كۆمارەكانی كازاخستان، ئۆزبەكستان، تاجیكستان، قەرغیزیا. بەم كارە كورد كەوتە نێو هەشت كۆمارو دوای هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت یش ژمارەیەكی زۆر روویان لەكۆماری ئۆكرانیاو شارەكانی رووسیای وەك: گراسنەدارو مۆسكۆ كرد. كەواتە ئەمڕۆ كورد لە (١٠) دە كۆماری سۆڤیەتی هەڵوەشاوە جێوارەو لەهەر كۆمارێكێش مێژوو و سەربردەی خۆی هەیە، كەواتە كوردستانی گەورەش دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت لەپێنج پارچە بوو بەشەش پارچە.

## كۆماری ئەرمینیا

ئەرمینیا ناوێكی جوگرافییە بەبەشێكی خاكی كوردستان وتراوە، كە بێجگە لە كورد گەلی (هایك)یش لەم خاكە جێواربووە، بەلاّم هایك زیاتر لەشارەكانی (قارس، وان) لەگەڵ كورد جێواربوون، بەلاّم ئەرمینیای گچكە یا كۆماری ئەرمینیای ئەمڕۆ تا دەوروبەری سالاّنی (١٨٠٠) ژمارەی كورد لەژمارەی ئەرمەن زیاتربووە، ئەرمەنیش بەزۆری لەشارەكان جێواربووە، كەچی كورد كۆچەرو گوندنشین بووە زیاتر، بەلاّم بەهۆی ئەوەی كە لەساڵی (١٨١٢)ەوە لەلایەن مەسیحیەوە كۆنترۆل دەكرێت كوردی ئیسلام بەرەبەرە رەودەكات و ئەرمەن و كوردی ئێزدی لەكوردستانی باكور لەم خاكە جێواردەبن، تەنانەت تەنها لەشاری یەریڤان لە (٢٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ ، (٤٠،٠٠٠) كورد لەم شارە جێواربوون كەچی لەساڵی (١٩٢٢) تەنها (٨,٦٥٠) كورد لەم شارە مانەوە، ئۆردیخانی جەلیلی دەڵێت: تا هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت دەوروبەری (٢٥,٠٠٠) كورد لەشاری یەریڤان جێواربوون كەچی ئەمڕۆ لەیەك ملیۆن دانیشتوانی، یەریڤان تەنها (١٥,٠٠٠)ی دانیشتوانەكەی كوردە ئەو كوردانەی كە شاری یەریڤانیان بەجێ هێشت هەندێكیان لەبەر هەژاری بەرەو گورجستان و روسیا رەویان كرد، بەلاّم كوردە موسڵمانەكان بەهۆی سۆزی ئاینی بەرەو كۆماری ئازربایجان رەڤین.

نەخچەوان-یش بەشێك بوو لە ئەرمینیا بەپێی پەیمانێك كە گوایە ژمارەی تورك لەژمارەی ئەرمەن و كورد لەم شارە زیاترە بۆیە خستیانە سەر ئازربایجان، لەسەردەمی ستالین-یش كوردی نەخچەوان ئاوارەكران و شوێنیان بەتوركی ئازەری پڕكرایەوەو ئەمڕۆش (٩٠٪)ی دانیشتوانەكەی توركەو ئەوی دیكەشی كوردو ئەرمەنە.

شاری گومری (لینینكان)-یش كە كەوتۆتە باكوری رۆژئاوای ئەرمینیا زۆربەی دانیشتوانی ئەرمەنەو ئەوی دیكەشی كوردە، لەم شارەوە تا دەگەیشتە یەریڤان و نەخچەوان و سنووری كوردستانی سۆر كوردو ئەرمەن بەتێكەڵی لەگوندو شارو شارۆچكەكان دەژین، جا بەپێی بەڵگەنامەكان تا دەوروبەری (٢٠٠) دووسەد ساڵ لەمەوبەر زۆربەی گوندەكانی كۆماری ئەرمینیای ئەمڕۆ كوردی ئیسلامی تیا جێواربووەو زۆر مێژوونووسی رووسی ئاماژەی ئەم راستیەیان كردووە لەوانە (ت.ف ئاریستۆڤا) لە كیتابەكەی بەناوی كوردەكانی پشت قەفقاس كە تیایدا دەڵێت: لەسالاّنی بیستدا هەندێ خێزانی كوردی موسڵمان ئەرمەنستانیان بەجێ هێشت

و چوون بۆ ئازربایجان، چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردی ئازربایجان موسڵمان بوون، بۆ نموونە گوندی (قەڵاکەشیش)ی ناوچەی لاچیی ماوەیەکی زۆر بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەلایەن ئەو کوردانەوە دروست کراوە کە لە ئویەزدی شارەڕۆ-دار ئەڵەگەزی ئوستانی یەریڤانەوە هاتوون، لەسەرەتادا لەگوندی قەرەقشلاغ جیۆاربوون، سەرچاوەی مێژوویی و قسەی بەساڵاچووەکان ئەو راستییە روون دەکەنەوە کە لەساڵی (١٨٨٠)، (٢٥٢) ماڵی کورد لەقەرەقشلاغ جیۆاربووینە، پاشان دەڵێت هەر لە بیستەکان بەشێك لەکوردی ئەم گوندە بەسەرۆکایەتی دووبرا بەناوی خودۆو عەباس لەدووری(٢٠)کم لەنزیك گوندی قەرەقشلاغ گوندێکی نوێیان بەناوی قەرەکەشیش دروست کرد، هەروەها لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بنەماڵەی شاسوار لەئۆزدی شارۆ-دار ئەڵەگەزەوە هاتن بۆ ئازربایجان، ئەم بنەماڵەیە لەجێیەك دا جیۆاربوون وا پێ دەچێت لەسەردەمێکی زوودا موسڵمانی تێدابووەو دواتریش ئەرمەن.

ئاریستۆڤا لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت: کوردی موسڵمان زیاتر لەساڵانی شەڕی قەرم (١٨٥٣-١٨٥٦)و شەڕی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٨٨)ی نێوان رووسیاو تورکیادا ئەرمەنستانیان بەجێ دەهێشت و ئێزدی و ئەرمەن دەهاتنە گوندەکانیان، کە لە کوردستانی باکورەوە رایان دەکرد، چونکە عوسمانی ئەوانی بە گاور دادەنا، بەساڵاچووەکانی (سورمەلین، تالین، ئەپاران، ئەلەگەز، ئەچمیادزین، ئەشتەراك، هۆکتۆمبیریان، دیلیجان و ناوچەی دیکە باش لەبیریانە هەر گوندی چ هۆزێکی کوردی تیا جیۆاربووە).

بەڵام ئێزدی لەساڵی (١٨٠٠) لە ئەرمینیا گوندیان زۆر کەم هەبوو، ئەویش لەنزیك شاری گومری و بەرامبەر قارس و ئەردەهان و تالین بوو.

ئەمەش لیستی گوندە کوردنشینەکانی ئەرمینیایە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم دا:

## ناوچەی ئەپاران

گوندەکای (چۆباماز، قۆنداغاز، قورو بوغان)، هۆزی (بەڵە) لەم گوندانە جیۆاربوون.

گوندەکانی (پەمپی کوردی، ئەڵەگەز جەمشلوی گچکە، کوربلاخ) هۆزی سیپکی لەم گوندانە جیۆاربوون.

گوندەکانی (گەرگەری، سەنگەر) کەهۆزی رۆژەکی تیاجیۆاربوون و گوندی میرەك یش هۆزی مەحمودی تیاجیۆاربوو.

## ناوچەی بەسارگێچاری

گوندی (قایەباشی)، هۆزی قەرەلی و پرکی و شەولکی تیاجیۆاربوو و گوندی (قوشەبلاخ)، هۆزی پرکی تیا جیۆاربوو و گوندی (گیسو) هۆزی بەشکی تیاجیۆاربوو.

## ناوچەی ئۆکتۆمبریان

گوندی (ئابکەشان)، هۆزی رۆمەشی و شەرقی تیاجیۆاربوو.

## ناوچەی تالین

گوندەکانی (سۆرك، سیجەنلی، سەیرانیٚ، قشلەمەرە، دیان، زەویستان، قەرەحاج) هۆزی حەسەنی تیاجیۆارە. گوندەکانی (گیتۆ، سابوونچی، کەڵەشباگە)، هۆزی زۆکۆری تیاجیۆارە، کەڵەشباگ هۆزی (رەشی)یشی تیاجیۆارە، گوندەکانی (ئاکۆ، تلك، قەپەحتەپە) هۆزی سپکی تیاجیۆارە.

گوندەکانی (بەرۆش، قەرمگرۆخ)، هۆزی رۆشەکی تیاجیۆارە گوندی (باین)یش

هۆزی حەسەنی و سپکی تیاجێواره.

## ناوچەی دێلیجان

گوندەکانی (گوڵەڤینۆ، سێمیۆنۆڤکا)، هۆزی جەلالی تیاجێواره.

## ناوچەی شەومیان

گوندی (نێچیرلوی خواروو) هۆزی بروکەی تیاجێواره.

## ناوچەی ئێچمیادزین

گوندی (کورەکەند)، هۆزی شەرقی و دەوەنەی تیاجێواره ئیتر لەم دووسەدەی دواییە بەردەوام کوردی موسڵمان ئەرمینیایان بەجێ دەهێشت و زۆربەیان بەرەو ئازربایجانی سۆڤیەت و کوردستانی باکور کۆچیان دەکردو ئەرمەن و ئێزدی جێگایان دەگرتنەوە، بەلاّم دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کۆماری ئەرمەنستان و ئازربایجان کوردی ئێزدی بەهۆی بێ هێزی ئابووریان روویان لە گورجستان و ئۆکرانیاو شاری گراسنەدارو مۆسکۆ دەکردو ئیسلامیەکانیش بەهۆی سۆزی ئایینیەوە ئەویّ بەجێ دێلن و بەرەو کۆماری ئازربایجان و کازاخستان و شاری گراسنەدار کۆچ دەکەن.

## کوردستانی سۆر یان کوردستانی بندەستی ئازربایجان

کورد رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی کۆماری ئازربایجانی پێکهێناوەو لەهەموو ناوچەو شارو شارۆچکەکانی بلاّوبوونەتەوە زمانی کوردییان لەبیرکردووەو بەزمانی تورکی قسەدەکەن، کەچی (تات)ەکانی باکۆو (تالش)ەکانی قەراخ دەریاچەی قەزوین کە زمانیان نزیکە لەزاراوەی گۆران تا ئەمڕۆ بەزمانی خۆیان قسەدەکەن.

ئیتر بەهۆی دڕندەیی تورك بەرامبەر بەکوردو سۆزی ئایینیەوە کورد لە کاژی تورك تاواوەتەوە، تەنها کوردی کوردستانی سۆرنەبێت کە تا سالاّنی (١٩٣٧-١٩٣٨)و نەمانی ئۆتۆنۆمیەکەی کورد لەم خاکە بەکوردی قسەدەکرا..

بۆکشپان دەڵێت: دوای ئەوەی ئۆتۆنۆمی بەکوردی کوردستانی سۆردرا، ژمارەیەکی زۆری ئازەری خۆیان بەرەگەزی کورد ناونووس کرد، کە باوەڕناکەم ئەمانە کوردبن !!

ئیتر خاکی ئازربایجانی سۆڤیەت کە خاکی گەلانی ئیرانییە دوای سەدەی دەیەم بەردەوام گەلانی ئەم خاکە لەلایەن تورکەوە چەوسێنراونەتەوە تا لەساڵی (١٩٢١) ئەرمەنی قەرەباخ ئۆتۆنۆمیان پیّ دراو لەساڵی (١٩٢٣)ش کوردی کوردستانی سۆر ئۆتۆنۆمی پێدراو شارۆچکەی لاچین بوو بەپایتەختی، ئەوکاتی ژمارەی کوردی کوردستانی سۆر (٣٧،٠٠٠) سی و حەوت هەزار کەس بوو و کە (٧٢٪) دانیشتوانی پێك دەهێنا. کەچی بەڵگەنامەی رەسمی دیکە هەیە کە لەبیستەکان لە سەدا (٩٩,٥)ی دانیشتوانی کەلبەجار کوردبووەو (لاچین)یش لەسەدا (٩٩,٢)ی کوردبووە. جا دوای ئەوەی لینین لەساڵی (١٩٢٤) کۆچی دوایی دەکات بەرە بەرە تورك نیشتەجیّ دەکەن لە کوردستانی سۆرو ئازەریەکان هەر رۆژەی بیانوویەك بەئۆتۆنۆمی کوردستانی سۆردەگرن و بێجگە لەدوو پسپۆری رووس بەناوی (ژۆزیّ و گورکە کریاژ) کەسی دیکە لەسەر کوردستانی سۆر قسەناکات، بۆکشپان هەرچەندە لەسەرەتا

زانستێکی باشی لەسەر کوردستانی ئازربایجان کۆکردەوەو دواتر بەچاپی گەیاند بەڵام پاشان لەزۆر لەقسەکانی لایداو دژی (ژۆزیۆ گورگەکریاژ) راوەستا ئیتر دام و دەزگایەکانیش هەڵوەشێنرانەوەو کوردیان بەتورك ناونووس کرد، ئەوی رازیش نەبوو بەگۆڕینی رەگەزی، ئازربایجانی بەجێ هێشت و چووە کۆمارەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت.

بەڵام کوردی نەخچەوان لەسالانی (١٩٣٧-١٩٣٨) زۆربەیان گواسترانەوە بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی شارۆچکەی (سێدارەك)ی نەخچەوان، کوردێکیان تیا نەهێشت و هەر هەموویان ئاوارەکردن، هەندێکیان رایان کرد بەرەو سنووری تورکیا، بەڵام ئازەریەکان کەوتنە دوایان دوای ئەوەی دەستگیریان کردن هەر هەموویان کوشتن.

ئیتر لەسالانی (١٩٣٧-١٩٥٣) لەترسی دیکتاتۆریەت کەسێك نەدەوێرا باسی کوردبکات و، کە خرۆشۆف هاتە سەر حوکم چەند سیاسییەکی کورد چوونە لای و داوای دامەزراندنەوەی کوردستانیان لێ کرد، وەڵامی خرۆشۆف ئەوەبوو، کە ئێمە ناتوانین کوردستانی سۆڤیەت دابمەزرێنینەوە چونکە کورد لەو ناوچانە نەماون، یان گوازراونەتە یان توێنراونەتەوە، نوێنەرانی کورد وەڵامیان دابووەوەو گوتبوویان چۆن کورد بەزۆرداری گوێزراونەتەوە، ئاواش دەتوانن بگێڕدرێنەوە کوردستان. ئیتر ئەو جۆرە هەوڵانە لەگەڵ خرۆشۆف و ئەوانەی دوای خرۆشۆف یش سوودی نەبوو، واتە هەتا پەیدابوونی گۆرباچۆڤ و داهێنانی پیرسترۆیکا، لەگەڵ هەل و مەرجی گلاسنۆست و پیرسترۆیکا دیسانەوە کورد کەوتە داواکردنی هەقی خوراوی خۆی لەسێپتێمبەری ساڵی (١٩٨٩)دا پەرلەمانی سۆڤیەت بڕیارێکی دەرکرد لەبارەی ئەوەی کە (١٣) میللەتی ژێردەست کە یەکێکیان کوردە دەبێت مافیان دابین بکرێت و دان بەو راستیەدا بنرێت کە ئەم میللەتانەش پەرش و بڵاوکراون و زوڵم و سستەمێکی زۆریان خراوەتەسەر، بەو پێیە پەرلەمان ماڤ گەڕانەوەی دا بەهەموو کوردێك بۆ کوردستان، بەڵام بەهۆی نالەباری وەزعی سیاسی و دواتر هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئازەری و ئەرمەن کەس نەگەڕاوە بۆ کوردستان و بەڵکو ئەو کوردەی کە لە کوردستانی سۆریش مابوو رای کرد بۆ کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە.

ئەمڕۆکەش کوردستانی سۆر لەچەند شەڕێکا ئەرمەنی توانی لەژێردەستی کۆماری ئازربایجان دەری بێنێ و خۆی دەستی بەسەری دابگرێ و ناشیەوێ کورد بگەڕێنەوە کوردستان و بەڵکو بەپارچەیەك لەخاکی ئەرمەنی دەزانێت.

## پەراوێزەکان:

١- ئاران: لەزمانی کوردی ئاران واتای دەشتی پان و گەرمەستێر دەگەیەنێت، کە لەوشەی (ئار= ئاگر) یا گەرمایی هاتووە، هەلبەتەزۆربەی خاکی ئازربایجانی سۆڤیەت-یش دەشتە، دوورنییە ناوی شارۆچکەی حەران (هاران)ی باکوری کوردستان کە نزیکە بەسنووری سوریا هەر لەئاران ەوە هاتبێ، هەرچەندە (حار = گەرم) عەرەبی لە (ئار)ی کوردیەوە نزیکە بەڵام ناوی حەران ناوێکی زۆر کۆنەو بەرلەوەی عەرەب فەتحی ئەم ناوچەیە بکات ئەم ناوە ناوی هاتووە.

هەروەها ناوی شارۆچکەی (رانیە)ش نزیکە لە (ئاران، ئەلران) هەرچەند رانیە لەناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوتووە.

شارێکیش بەناوی (ئاران) لەسەر رووباری (کور) تا دوای

فەرمانڕەوای شەدادیەکان هەرمابوو.

٢- کوردستانی سۆر: کوردستانی سۆر یا کوردستانی بندەستی سۆڤیەت بەخاکی نێوان قەرەباخ و کۆماری ئەرمینیا دەگوترێت، بەهۆی ئەوەی خاکەکەی سۆرە بۆیە پێی دەگوترێت کوردستانی سۆر، زاراوەی کوردستانی سۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەیسەر.

قەرەباخ: قەرەباخ ناوچەیەکی کوردنشین بووە، دوای ئەوەی سەفەویەکان کوردی قەرەباخ بۆ خوراسان و تورکستانی ئەمڕۆ دەگوازنەوە، پاشان ژمارەیەك لەئەرمەن لەئێران دەگوازنەوە ئەوێ، و بەپێی سەرژمێری سالّی ١٩٧٩ (١٦٢،٠٠٠) کەسی تیا دەژی، (١٣٢،٠٠٠) ئەرمەن و ئەوی دیکەش کوردو ئازەرین، پایتەختەکەشی شارۆچکەی (خان کەند)ەو ئەرمەن ناوەکەیان گۆڕیووە بۆ (سپیتاناکرد)، رووبەرەکەشی (٤٤٠٠)کم٢ و لە کۆندا ناوی (ئوریتخنی) بوو ئەرمەنیش پیێان وتووە (ئەرساخ)، بۆ یەکەمین جار وەکو قەرەباخ مێژوونووس حەمەدولاّی قەزوینی باسی کردووە، بەفارسیش پێی وتراوە (باغ سیا)، هەروەها ناوی بەگەزاخ و ناگۆڕنی قەرەباخ-یش هاتووە.

٣- ئەرمەنستان : ئەرمەنستان دوو بەشەئەرمەنستانی گەورە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی باکور دەگرێتەوە کە لەهەندێك لەشارەکانی کوردو ئەرمەنی تیاجێوازبووە، ئەرمەنستانی گچکەش رۆژهەلاّتی ئاراراتی گچکە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ بەکۆماری ئەرمەنستان دەناسرێت.

وشەی (ئەرمەنستان)یش وشەیەکی یا زاراوەیەکی جوگرافیەو ریشەیەکی ئێرانی هەیە، پاشان گەلی هایك کە بەتێکەڵی لەم خاکە جێواربووە لەلایەن فارس و پاشان گەلانی ئەوروپی بەئەرمەن دەناسرێن و ئەمڕۆکەش گەلی هایك بەخۆیان نالێن ئەرمەن بەلّکو دەلێن هایك.

٤- ئازربایجان: ئازربایجان بەخاکی باکوری رۆژئاوای ئێران دەوترێ، کەچی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوی (ئاران)یش گۆڕدرا بۆ کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت. ئەم ناوەیەش یا لەئازەرئابادەگان= ئاگرو ئاوەدانی یا لە ئاترۆپاتین هاتووە.

٥- سەلجوقیەکان: سەلجوقیەکان کە زۆربەیان شوانکارە بوون لەکۆتایی سەدەی دەیەم بوون بە ئیسلام و ئایینیان کردە بیانوو بۆهاتنیان لەناوەڕاستی ئاسیاو چیای (ئالّتای) بۆ ئێران و کوردستان و رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەشێك لەتورکەکانی ئازربایجانی سۆڤیەت بریتین لە ئاق قۆینلۆ کە لەسالّی (١٤٦٥-١٥٠٨) لەتورکستانەوە هاتن و بەشێکیان لەئازربایجانی سۆڤیەت جێواربوون.

٦- محەمەد جەمیل رۆژبەیانی دەلێت لەسەدەی سێیەمی کۆچی (نۆیەمی زایینی) هیچ گوندو شارو شارۆچکەیەك لەئازربایجان و کوردستان ناوەکەی تورکی نەبووە، دوای شالاّوی سەلجوقی مەغۆل، خوازەمی، تاتار، قەرەقۆینلو، و ئاققۆینلو ناوی زۆربەی شارو گوندو شارۆچکەو ناوی جوگرافیان بۆ تورکی گۆڕی و بەهۆی ئاوارەیی و توانەوەی دانیشتوانەکە ناوەکان لەبیرکران و ناوە تورکیەکان جێگایان گرتنەوە.

٧- لەدوای سالاّنی ٤٠٠ی کۆچی بەردەوام ئاران و ئەرمینیای گچکە کەوتونەتە ژێر پەلاماری دوژمنان لەوانە ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی و بقراتی ئەبخازی و لەسالّی (٥٥٧ك) گورجیەکان بەسێ هەزار سەرباز ئاران و ئەرمینیایان گرت و زۆریان لە دانیشتوانی دوین و شارەکانی دیکە کوشت و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیل گرتن و مزگەوتەکانیشیان لێ سووتاندن، ئەم هێرشەی گورج بەسەرۆکایەتی غیورغی سێیەم بوو.

٨- دوای ئەوەی کۆتای بەحکومەتی شەدادی هات لەسالّی (١٠٧٧) فەرمانڕەوای لەئاسیای گچکە دامەزرا لەلایەن بنەماڵەی قتلمش-ی سەلجوقی و دوای ئەوەی حکومەتی (دۆستەکی)یشیان لەمیافارقین لەسالّی (١٠٨٣-١٠٨٥) روخاند دەستیان بەسەر هەموو کوردستان و سوریاو ئەنەدۆلّ داگرت. قتلمش توانی لەسالّی (١٠٩٠-١١٦١) توانی هەموو ئەرمینیاو ئازربایجان-یش بگرێت.

ئیتر ئاران و ئەرمینیا لەدوای روخانی شەدادیەکان بەردەوام کەوتەبەر شالاّوی گورج و تورکەکان، لەیەك لەهێرشەکانی گورجییەکان بۆ سەر قەرەباخ و گەنجە لەسالّی (١١٣٩ز) زۆر گوندو دێرو کەنیسەیان سوتاند بەتایبەتی شاری گەنجە کیراکوس غانزاکیتس کە یەکێکە لە دانیشتوانی گەنجە دەلێت دوای ئەوەی گورجەکان شاری گەنجەیان کاول کرد بوومەلەرزەش خراپتری بەسەرهێناو دەوروبەری (٣٠٠)

هەزار کەس گیانیان لەدەست دا (ئاران)یش لەسەردەمی عەبباسییەکان بریتی بوو لەم شارانە: بەردەعە (پەردەدار)، شەمکور، بیلقان، گەنجە، ئانی، بەردەعە یا پارتوا نزیك شاری لاچین–ی ئەمڕۆ بووە، لەساڵی ١٨٣٨ بۆ جاری دوایین لەلایەن روسیای قەیسەری کۆنترۆڵ کراو بەبەشێك لەقەفقاس ناسرا.

٩– گەنجە: شاری گەنجە دوای ئەوەی لەلایەن رووسەوە کۆنترۆل کرا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ئەلیزابت پول کە ئەم شارۆچکانەی بەسەرەوە بوو: زەنگەزۆر، جوانشیر، جبرایل، ئارش.. زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکانەش کوردبوو.

١٠– یەریڤان: یەریڤان پایتەختی کۆماری ئەرمنستانەو نزیکەی یەك ملیۆن کەسی تیا جێوارە، ژمارەی کورد لەم شارە دەوروبەری (١٥,٠٠٠) هەزار کەسێکە شاری یەریڤان لەنزیك کۆنەشارێك بەناوی (بارتاس) دروست کراوە، تەنها کاوڵگەی ماوەو هیچ زانستێکی ئەوتۆی لەبارەیەوە نەزانراوەو دەوروبەری (٤٥٠) ساڵ لەمەوبەر بەقسەی ئۆردیخانی جەلیل کوردێکی مەڕدار بەناوی رەوان لەسەر کانیەك نزیك بارتاس جێواردەبێت و پاشان دەبێتە گوندو بەناوی گوندی رەوان دەناسرێت و دوای ئەوەی ژمارەی ئەرمەن لەشاری رەوان و شارۆچکەکانی دەوروبەری زیاد دەکات ناوی شاری رەوان لەلای ئەرمەن بە (یەریڤان) دەناسرێت کە ئەم ناوەش بەزمانی ئەرمەنی واتای بەدیارکەوتن دەگەیەنێت و (رەوان)یش وشەیەکی کوردیە واتای (گیان، روحی رەوان) دەگەیەنێت.

١١– پەیمانی گولستان لە (١٢)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٨١٣) لەنێوان رووس و فارس بەسترا، کە کۆتایی بەکێشەی قەفقاس هات، بەگوێرەی دەقی ئەم بڕوانامەیە ئێران دانی بەدەسەلاّتی سۆڤیەتی دانا لەسەر ناوچەیەکی فراوان لەنێوان هەردوو وڵات کە ناوچە کوردنشینەکانیشی دەگرتەوە، ئەم ناوچانەش لەلایەن روسەکان بە (کوردستانکی یەزد = ناوچەی کوردستان) دەناسرا.

١٢– پەیمانی تورکمەنچای لە (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٨٢٨) لەنێوان روس و عوسمانی مۆرکرا بەپێی ئەم پەیمانە بەشێکی زۆر لەخاکی کورد کەوتە بەردەستی روس.

١٣– پەیمانی برێست لیتوڤسك کە لە (١٩١٨/٣/٣) لەنێوان سۆڤیەت و بەرەی رۆژئاوادا بەسترا بەپیّی ئەم پەیمانە پارچەیەك لەخاکی کوردستان بەیەکێتی سۆڤیەت بڕا.

١٤– خۆلمۆگۆرەڤ کە دکتۆرای لەزانستە مێژووییەکاندا هەیە دەڵێت: لە ئەنسکلۆپیدیای تەزاریدا لەسەر کورد نووسراوە کە کورد گەلێکی چیاییەو دانیشتوی کوردستانە لەناوچەکانی پشت قەفقاسی رووسی و بەشەکانی خوارەوەی قەفقاس دا دەژین.

١٥– دوای ئەوەی رووسیا لەساڵی (١٧١٢) بوو بە ئیمپراتۆریەت و پیوتەری یەکەم بوو بە ئیمپراتۆری روسیا هەوڵ درا دەست بەسەر دەوروبەری دەریای رەش دا بگرێت، ئەوکاتی تەنها ئیمپراتۆریەتی نەمسا رووبەڕووی عوسمانیەکان دەوەستا، جا دوای ئەوەی رووسیا بوو بە ئیمپراتۆریەت جێگای نەمسای گرتەوە لەدژایەتی کردنی عوسمانی تا لە سالأنی ١٧٦٨–١٧٧٤ بە کاترینای دووەم توانی لەشەڕی دەریای عوسمانی بشکێنێ و دەست بخاتە ناو کاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

## سەرچاوەکان


١– کوردەکانی پشت قەفقاس، د. ئەوروحمانی حاجی مارف کردویەتی بەکوردی / رۆژنامەی ئاسۆ ژ(٧) ١٩٨٨.

٢– پێرسترۆیکەو کورد، د. کەمال مەزهەر/ رۆژنامەی هاوکاری ژ(١١٣٨)/ ٢٥–١٢–١٩٨٩.

٣– کورد لەنۆ کۆماری سۆڤیێتیدا، د. عزەدین مستەفا رەسول، رۆژنامەی کوردستانی نویٚ.

٤– کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤیەت، مێژوویەکی کورت ١٩٢٠–١٩٤٠ د. خالد مورادۆڤیچ چەتۆییڤ دایناوە رۆژنامەی بیری نویٚ کردوویەتی بەکوردی / بەشی (١–٢–٤) رۆژنامەی بیری نویٚ ساڵی ١٩٧٢.

٥– کوردەکانی سۆڤیەت چەوساوەن، د. جەمشید حەیدەری کاکەرەش وەریگێڕاوە / رۆژنامەی ئالأی ئازادی.

٦– کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، د. جەمشید حەیدەری/ بەدران وەری گێڕاوە.

٧–کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت/ د. مارف خەزنەدار/ گۆڤاری توتن/ ساڵی ١٩٦٩.

٨– ب.چ ڕەنگی کوردستانا سۆر هاتە دامەزراندن ئوهلاتین تاریق جامباز لەپیتی لاتینی گۆڕیویە / کوردستانی نویٚ.

٩– گۆڤارا کورد لە کازاخستانیٚ / نووسینی عەبدولڕەحمان دوڕە

گۆڕینی لەپیتی لاتینییەوە مەریوان دەوڵەت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ١٥٨.

١٠- ژیانی کوردناسی وزانایانی کوردی ئەوروپا/ قەناتی کوردۆ/ نووسینی د. مارف خەزنەدار.

١١- دیرۆکزان و کوردناسی/ جەلیلی جەلیل/ شوان سیراج لەپیتی لاتینیەوە گۆڕیویەتی.

١٢- هەڤپەیڤینێك ب ڕۆژنامەڤانێ (ریاتەزە) پریشکی مەهۆیی / تاریق جامباز لەپیتی لاتینی وەری گێڕاوە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

١٣- باسێ جەفارۆڤ، وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئارام. گۆڤاری رابوون ژ(١)

١٤- کوردی سۆڤیەت د. جەمشید حەیدەری ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ(٢١٩٢).

١٥- ژیان و زانستی کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤیەت ئەمینی عەبدال گۆڤاری هیوا، ژ (٣٢)ساڵ ٤ نیسان/ ١٩٦١.

١٦- کوردزانی لەلینینگراد / قەناتی کوردۆ / لەگۆڤاری هیوا ژ٣٢ی ساڵی ١٩٦١ وەرگێڕدراوە.

١٧- کوردستانا سۆر گۆڤارا دەنگا سەرخوەبوون بەپیتی لاتینی/ ناوی نووسەری لەسەرنیە.

١٨- کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و بارودۆخی نوێ. د. کەمال سەیدۆ قەرەداغی، ئازاد بیلال لەئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە/ ڕۆژنامەی خەبات ژ(٦٣٤)/ ١٩٩٢.

١٩- کورد لە سۆڤیەت دا لێدوانێکی گشتی لەگەڵ نادری نادرۆڤ و ڕەیحانە عەڤدۆل. و/ دلاوەر عەلائەددین.

٢٠- کورد لەیەکێتی سۆڤیەت دا، نووسینی کەنداڵ، گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە، سەلام عەبدوڵلاّ.

٢١- مەسەلەی کورد لەعێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، سۆڤیەت، کۆلۆنێل ئیفلستن، ن.ر کردوویەتی بەکوردی / لەگۆڤاری ئەنتەرناشنال وەرگێراوە.

٢٢- چارەنووسێکی هاوبەشی گەلی کوردو گەلی ئەرمەن/ کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت/ گۆڕینی لەئینگلیزیەوە سەعد/ گۆڤاری پەیڤ ژ(١)/ ١٩٩١.

٢٣- باری ژیانی کولتوری کوردی گورجستانی سۆڤیەت/ بروسك/ گۆڤاری چوارچرا/ ژ(٣) ١٩٨٦/ لەندەن.

٢٤- کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت/ ئامادەکردن و وەرگێڕانی سەلام.

٢٥-

گۆڤاری نەورۆز/ ژ(٨)/ ١٩٩٢ .

٢٦- کوردەکانی ئەودیو قەفقاس/ گۆڤاری رزگاری ژ(١)/ ١٩٦٩.

٢٧- پرۆفیسۆر شاکرۆیێ خدۆ/ هەڤپەیڤین: ئاکۆ محەمەد/ ڕۆژنامەی میدیا ژ(٧٩)/ ١٥-١١-٢٠٠٠.

٢٨- ڕێگای کوردستان لەگەڵ پرۆفیسۆران (لازاریف و حەسرەتیان و شاکرۆو بەشیردا) ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان/ ژ(٧١)/ ١٩٩٣.

٢٩- پرۆفیسۆری ناسراوی ئەرمەن (مان ڤیل ئەرسینۆڤیج هەسرەتیان میوانی پارتیمانە/ گفتوگۆ: محەمەد/ ڕۆژنامەی برایەتی ژ(١٧٢٧)/ ٢٤-٨-١٩٩٣.

٣٠- کورد لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەبارودۆخی ئەمڕۆدا/ نووسینی د. کەمال سەعیدۆ کورداخی/ وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە/ محەمەد ئووەیسی/ گۆڤاری سروە ژ(٣).

٣١- حوار مع چرکس رش / ترجمە نوزت دهوکی/ مجلە القافلە العدد (٥)/ ١٩٩٤.

٣٢- **اکراد روسیا القیصریة والاتحاد السوفیتي ماضیهم وحاضرهم** (١-٢) / **زبیر بلال اسماعیل/ مجلة القافلة العددان** (٢-٥)، ١٩٩٣-١٩٩٤.

٣٣- دەربارەی کورد لەسۆڤیەتی پێشوو/ وەرگێڕانی سەردار محەمەد لەڕۆژنامەی (الحیاه)ی ١٩٩٣/١١/٢١ ڕۆژنامەی برایەتی ژ(١٨٠٨)، ١٩٩٣/١١/٢٩.

٣٤- سەرنجدانێك لە هەڤپەیڤینی (میدیا) لەگەڵ پرۆفیسۆر شاکری خدۆدا/ جەمال نەبەز/ ڕۆژنامەی میدیا/ ژ(٨٣) ١-١-٢٠٠١.

٣٥- پرۆفیسۆر ئۆردیخانێ جەلیل/ هەڤپەیڤین: ئاکۆ محەمەد/ ڕۆژنامەی میدیا ژ(٨٣) / ١-١-٢٠٠١.

٣٦- ازربایجان واران (البانیای قەفقاس) عنایەت رزا / مجلە اقتصادی/ ژ٥٦-٥٧ / تهران.

٣٧- کەنالی ئاسمانی میدیا تی ڤی / بەرنامەی کۆڤ بەشی (١-٢) ڕۆژی ٤-١-٢٠٠١، ١١-١-٢٠٠١.

٣٨- **نبذة التواریخ** / **اخبار الامراء والملوك السلجوقیة لصدرالدین الحسیني/ تحقیق د.محمد نورالدین**/ لەساڵی (٦٢٢) کۆچی نووسراوەو لەساڵی ١٩٧٨ لەبەیروت بەچاپ گەیشتووە.

٣٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆران: ١- شاکرێ خدۆ ٢- ئۆردیخانی جەلیل.